# ریگاکانی وانەووتنەوە لە باخچەی منداڵاندا

## هەفتەی دووەم

مامۆستای بابەت
پیمان صابر حسین

# تایبەتمە ندی جەستەیی ماموستایانی باخچەی مندالآن

- 1.لە رووی جەستە ییە وە کاملٚ بیت و لە لایەنی تەندروستی بی کە موکوری بێت کە کاریگە ری لە سەر گەیاندنی نامەکەی دەکات وەك: لاوازی بینین و ئیفلیجی دەستەکان و لاوازی و لاوازی بیستن یان کێشە لە دەربرین.
- 2.کە سیکی چالاك بێت تا هەست بە ماندووبوونی بەردەوام نەکات لەدوای هەر کاریك کە ئەنجامی دەدات، چونکە بەمە مندال گەر م و گوری و کاراییان لە چالاکیە جۆراو جۆرەکان کەم دە بیتەوە بە واتای ئەوەی ماموٚستا لە شیکی ریکی هەبێت و مندال پێشبینی و چاوە روانی ئەوەیان هەبیت کە بەشداری یاری و چالاکیە کانیان لەگەلٚ بکات چونکە ئەمە دلخوشی دەکات.
- 3.زۆربەی کات لە ناو پۆل بوە ستیت و بە جوانی نامرازە کان بە کاربهینیت و قسە بکات و گوی بگریت ، هەروەها پێویستە هەندی جار دابنیشیت.
- 4. دەرکەوتنی ماموٚستا بە شێوازیکی ریکوپیك و سەرنجراکیش چونکە ئەمە مندال دلخۆش دەکات ، هەروەها هەندی نەریتی تەندروستی بە سوود جەستەیەکی تەندروست پیدە گە یە نیت.

## تایبەتمەندی هەڵچوونی مامۆستایانی باخچەی منداڵان:

- تایبەتمەندی و سیفەتی هەڵچوونی کە پێویستە لای مامۆستایانی منداڵان بوونی هەبێت گرنگیەکی گەورەی هەیە لەپیادەکردنی پەروەردەیی ، چونکە ئەمە ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لەسەر ڕەفتاری منداڵان دەبێت لەم قۆناغە گرنگە ، هەروەها لەسەر سۆز و هەست و بەهاکان لایان، لەم تایبەتمەندیانە:
- 1. کارەکەی خۆی لەگەڵ منداڵان بەڕاستگۆیی و پەرۆشەوە بیکات ، خۆشی و گاڵتە بکات و نەرمی بنوێنێت و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی پێویستیەکانی کارەکەی و ئەو کێشانەی کەدێنەپێشی هەبێت.

- 2. مامۆستای باخچەی منداڵان بەرێژەیەکی بەرز هاوسەنگی هەڵچوونی هەبێت بۆ ئەوەی گونجانی دەروونی بەدیبێت ، بەمەش هەڵسوکەوتی سروشتی و ئاسایی دەبێت ، کاتێ تواناى لەتێرکردنی پێویستیە سۆزداریەکانی منداڵەکان هەبێت ئەوا دەتوانێ یارمەتیان بدات لەگوزارشتکردنی بۆچوون و هەڵچوونەکانی، بەمەش دەتوانێ ڕووبەڕووی فشارە دەروونیەکان بێتەوە کە لە: کێشە جۆراوجۆرەکانی منداڵ و هاوکاری نەکردنی و شەڕانگێزی و گرنگیدانی دایکوباوکان لەفێرکردنی منداڵانی لەخوێندنەوە و نووسین سەرچاوە دەگرێت.
- 3. خۆشەویست بێت لای منداڵ و توانای کارکردنی هەبێت لەگەڵی بەوپەری ئارامی و سۆز ، چونکە ئەگەر مامۆستا زوو بێزاربوو و لەکەمترین هۆکار ئارامی لەدەست بدات ئەوا ناتوانێ خۆشەویستی بۆ کارەکەی هەبێت لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری قوتابیان لەم قۆناغە هەستیارەدا ڕۆژ بەڕۆژ و ساڵ بەساڵ.

- 4. باوەڕی هەبێت بەخۆی و تێگەیشتنی ئەرێنی هەبێت بۆ دەروونی خۆی بەوەی هەست بەرێز و خۆشەویستی منداڵەکان بکات، ئەمە لەرێگەی مامەڵەی باشی مامۆستاوە بێت ، چونکە منداڵ حوکم لەسەر گەورەکان دەدات لەمیانی ئەو کردار و گوفتارانەی کەگەورەکان دەیکەن و دەریدەبڕین.
- 5. ڕەچاوکردنی لەنەبوونی وروژاندنی هەڵچوونی ئیرەیی لای منداڵەکان و دوورکەوتنەوە لەلۆمەکردن و سەرزەنشتکردن لەپێش ئەوانیتر.
- 6. مامۆستای باش ئەوەیە کەکەسایەتیەکی دۆستانەی هەبێت و بتوانێت منداڵ قسەی لەگەڵ بکات و گوێ بگرێت و پاڵپشتیەکی گەرمی بەسۆزانەی منداڵ بکات لەکاتی پێویستدا و لەگەڵ منداڵەکان پێبکەنێ بەبێ ئەوەی گاڵتەیان پێبکات، چونکە دەبێ درك بەگرنگی ئاساییشی سۆزداری و جەستەیی بۆ هەر منداڵێك بکات.

- 7. پێویستە توند نەبێت لەچاککردنی ڕەفتاری منداڵ و بەباشی ستاییشی منداڵەکان بکات کاتێ کارێکی باش ئەنجام دەدەن.
- 8. مامۆستا ڕاست بێ لەسەر بنەما جێگیرەکانی لەمامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ و ناکرێ هەندێ ڕێسا و یاسا هەیە لەسەر کۆمەڵێك جێبەجێ بکرێت و لەسەر کۆمەڵێکیتر جێبەجێ نەکرێت.
- 9. مامۆستای باخچە هەست بەڕازیبوون بکات لەپیشەکەی و شانازی پێوە بکات ، پارێزگاری لەپەیوەندی باشی نێوان خۆی و منداڵەکان یان هاوکارەکانی و بەڕێوەبەری باخچە بکات.
- 10. چاوی بەدایکوباوکان بکەوێت و پەیوەندیەکی هاوڕێیەتی لەنێوان خۆی و ئەوان دابنێت ئەمەش یارمەتی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییە ویستراوەکان دەدات.